ئاشکرانەکردنی داهاتی نانەوتی شکستی دیکەی دەستاتە و دەرگا بۆ بەردەوامی گەندەڵی دەکاتەوە

حکومەتی کابینەی نۆی ماوە بۆ درێژکراوی هەرێمی کوردستان تا ئێستا وەڵامی نامەکەی بۆغدای نەداوەتەوە سەبارەت بە گواستنەوەی مووچەو داهاتی نانەوتی بۆ حسابی بانکی ناوەندی عێراق و ئەمەش نیگەرانیی سەبارەت بە چارەنووسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دروستکردووە.

لەم چوارچێوەیەدا، فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەمڕۆ شەممە بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا بڕیاردەر بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەربڕی لە نیگواستنەوەی داهاتی نانەوتی بۆ هەژماری بانکی ناوەندی عێراق کە "بێبەر باکی و فەرامۆشکردنی مافی هاوواڵاتیانی هەرێم" وەسفی کرد و مافی هاوڵاتیانی هەرێمی لەبیرچاو نیگرت لە نیناردنی زانیاری پێویست بۆ بۆغدا، ئەم هەوڵەی ئاشکرا نەکردنی داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان"شکستێکی ئاشکرای هەردوو حیزبی دەستاتە و دەرگا بۆ بەردەوامی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی داهات دەکاتەوە".

لە بەیاننامەکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق هاتووە، "یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتە شکستخواردووەکەیان بەرپرسیارێتی تەواوی هەر قیرانێکیان هەیە کە سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران سەرهەڵبدات" هەروەها هەشداریشی دا لە کاریگەری ئەم کەمتەرخەمییەی حکومەتی هەرێم لەسەر بارودۆخی ژیان و هاوڵاتیان لە هەرێم کوردستان دا.

ئەو نوسراوە فەرمییەی خوارەوە، لەلایەن تەیف سامی، وەزیری دارایی عێراق بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی هەرێم و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا نێردراوە، کە تیایدا داوا دێکات داهاتە نانەوتیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی شوباتی بۆ هەژماری بانکی ناوەندی عێراق بنێردرێتەوە بۆ پێدانی بودجەی هەرێمی کوردستان.